# گورگەو لە پێستی مەڕدایە

**عوسمان شەیدا/کەنەدا**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو مووچەخۆرو کاربەدەستانەی لەدام و دەزگاکانی حکومەت کاردەکەن، بەتایبەتی من باس لەوانەدەکەم کەلەسەردەمی ڕژێمی بەعس کاریان بۆ ئەو ڕژێمە کردووە، تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەبێ هەردەم ئەوەمان لەیاد نەچێ کەئەمرۆش کوردستان ئازادە، ڕژێمی بەعس نەماوە ئەو جۆرە خەڵکە تاوانبارانەی پێشتر کاریان دەکرد بۆ ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕ ئەمرۆش هەرهەمان خەڵکن لەکوردستان کاردەکەن لەناو دام و دەزگاکانی دەوڵەت تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئێمە دەبێ زیرەکانە بیر بکەینەوە ئایا ئەو جۆرە خەڵکە تاوانبارانە دەکرێ لەگەڵ هاوڵاتیانی نیشتیمان پەروەر، لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین، یاخود لەگەڵ ئەو کەسانەی خوێنیان بۆ نیشتیمان ڕشت و کاری سەرکەوتنیان ئەنجامدا بۆگەلی کورد بەیەك چاو سەیریان بکەین، ئایا چۆن دەبێ ئێمە جیاوازی نەکەین لەبەینی ڕەش‌و سپی، هەر ئەو تاوانبارانە بوون وەکو خەڵکانی مخابەرات، ئەمن، مەفرەزەخاسە، جاش‌و هەزاران تاوانباری خۆفرۆش کە بەعس بوون‌و لەسەردەمی بەعس مووچەی چاکیان هەبوو، ئێستاش هەر هەمان خەڵکن لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان پەرت‌و بڵاون‌و لەناو حزب‌و دام‌و دەزگاکانی کار دەکەن‌و هۆی هەرەسەرەکی گەندەڵی ئیداری بە بۆچوونی من ئەو جۆرە خەڵکانە تاوانباران کە من باسی ئەو جۆرە خەڵکانە دەکەم، دەشێ باسی ئەوە بکەم ئایا چارەسەری ئەوانە چییە؟، دەبێ هەروا بمێنێتەوەو ئەو جۆرە ئازادیەی ئێستا هەمانە بەرەو نەمان‌و ڕۆژگارێکی خراپتری ببەن؟. چارەسەری ئەو جۆرە خەڵکانە ئەوەیە لەناو حیزبە سەرەکیەکان بڕیار بدرێ ئەو جۆرە کەسانەی کە تاوانباربوون‌و بەڵگەی تەواویان هەیە لەسەریان لەنێو ڕیزەکانی حیزب دەربکرێن، جارەکیتر نەهێڵن دەست بەکاربینەوەو خەڵکانێکی پاك‌و بێگەردو نیشتیمانپەروەر، جێگەی ئەوان بگرنەوە تاکو گەلەکەمان بەئاسوودە بژی، ئەو جۆرە خەڵکە خەم خۆرانەش وەکو پێشمەرگەی دێرین‌و خەڵکانی پاك‌و بێتاوان، ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و گەلێك لەهاوڵاتیانی تر کە جێگەی ڕەزامەندی گەلبێ. ئەو ڕێگەی باسم کرد جێبەجێ کردنی گەلێك ئاسانە، بەڵام ئایا بەو کارە هەڵدەستن، ئەو پاکسازییە دەکەن لەنێو دام‌و دەزگاکانی کوردستان؟. ئەوەشم هاتەوە یاد کە ئەوجۆرە خەڵکە تاوانبارانە کە ئێستا لەخێری وڵاتەکەمان دەخۆن گەر خوانەخواستە جارێکی تر گەلی کورد بکەوێتە شەڕو ئاژاوەو



ئەزمەی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازی ئەو تاوانبارانە هەمان خیانەت دەکەنەوەو لایان زۆر ئاسانە کە کوردستان هەمووی بفرۆشن تەنها بۆ سەرچاوەی ژیانیان، کەی ئەوە ڕاستە خەڵکینە بۆ بێدەنگ بین لەکاری ناڕەوا ئەی من‌و تۆ ئەو خاوەن ویژدانە بووین کە هەموو کات بیرمان لەئیشکردنی ڕاستەقینەو بیرمان لەسەرکەوتنی کورد دەکردەوە ئەی بۆ من‌و تۆ زیندان بووین‌و بەر کیمیا کەوتین‌و پێشمەرگەی دڵسۆزبووین بەهەموو کات‌و ئێستاشی لەگەڵ دابێت. ئامادەبووین‌و ئامادەش دەبین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دژ بەدوژمنانی کورد، پاراستنی نیشتیمانە خۆشەویستەکەمان. ئەوەتە من باسی خەڵکانی دڵسۆزو بێگەرد دەکەم. بۆ من‌و تۆ بێبەش بین لەخێرو بێری وڵاتەکەمان کە هەرگیز کاری خیانەتمان لەگەڵەکەمان نەکردووە ئەی بۆ خەڵکانێکی تاوانبار خێری وڵاتەکەمان بخۆن هەر ئەو پەندەی پێشینان دەڵێ: کێ کردی‌و کێ خواردی. جا لێرەدا دەمەوێ تیشك بخەمە سەر بابەتێکی دیکە کە ئەویش ئەوەیە گەر حیزبە سەرەکیەکان ئەو کارە پیرۆزەیان بکردایە هەروەکو ئاماژەم پێکرد تاوانباران دەربکەن‌و نیشتیمانپەروەران جێگەیان بگرنەوە ئەوە بەبێ شك سەرکەوتنێکی گەورە سەرتاسەری کوردستان دەگرێتەوەو دەبێتە جێی ڕەزامەندی گەلی کورد، بەڵام دەتوانم بڵێم نەك هەر من گشت هاوڵاتیەك لەکوردستان هەست بەوە دەکات کە تاوانباران لەسەرکارن‌و لەجیاتی سزادان خەڵات کراون. هەربۆیەش لەنێو حیزبە سەرەکیەکان ئەو تاوانبارانە دەرناکرێن، نەبادا تاوانباران زویربن‌و بچنە ڕیزی حزبەکەی ترو بێ هێزبێت، بەڵام ڕازین بەزۆروبۆری ئەوە تائێستا شتی وا ڕووی نەداوە لەپاکسازی، بەڵام ئەگەر ئەو دوو ئیدارە پێك بێ‌و دەست بەپاکسازی بکەن ئەوە شتی زۆر چاکە، بەڵام ئەگەر هەروەکو ئێستابێ‌و جیاوازی نەبێ لەنێوان ڕەش‌و سپی. ئەوە هەر جێی خۆیەتی‌و بڵێین گورگەو لەپێستی مەڕدایە.

# هەڵوەستەیەك.. لەسەر کێشەکانی کوردستان جەعفەری یان مالکی نین..!

**سەلام شەریف خەسرۆ/ چەمچەماڵ**

لەژمارەی (147)ی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل) دا بابەتێك هاتووە لەژێر ناونیشانی (کێشەکانی کوردستان، جەعفەری یان مالکی نین) سەرەتا: دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، کە هەر بابەتێك لەڕۆژنامە یان هەر ناوەندێکی دیکە. بڵاودەبێتەوە. ئیدی لەدەست خاوەنەکەی دەردەچێت‌و دەبێتە موڵکی خوێنەر. ئینجا باش بێت، خراپ ئەوە بابەتەکە گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات.

ئەوەی مەبەستی منە لێرەدا، بەکارهێنانی دەستەواژەی شیعە (سەگی ڕەشیان لادا، سەگی بۆریان لەشوێن دانا)؟!. من لێرەدا، شەفاعەت بۆ جەعفەری یان مالکی یان یاوەری ناخوازم، بڵێم: فڵان باشە، یان خراپە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە. یەکسەر وتەکانی سەرانی ڕژێمی بەعسی بەبیرمدا هێنایەوە. لەمێژووی دوورو نزیکی شۆڕشی گەلی کوردا. دووبەرە هەبوون‌و ئێستاش هەرماون. وەختێ شەڕ دەکەوتە بەینیانەوە (سەرانی ڕژێم) دەیان گوت: (......،......) مان بەشەڕداوە، با هەر یەکتری بکوژن! کورد دەڵێ: (ئەگەر (با) بێت، یان باران، هەر لەبەفر کەم دەبێتەوە) بەهەمان شێوە وەختێ جاشەکان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشەڕدەهاتن. هەر هەمان ڕستەیان دووبارە دەکردەوە!. هەروەها دەمەوێ بڵێم کە: (سەگ) ئەو گیاندارە زیان بەخشە نیە، کە وەکو نموونەی خراپ، پێناسە بکرێت!!، چونکە بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ ژیانی مرۆڤ ئاوێتە بووە. هەر بۆیە ناوی لەزۆر شیعرو چیرۆك‌و داستاندا هاتووە. (سەگ) یەکێکە لەو گیاندارانەی کە هاوڕێیەتی، (هاوڕێیانی ئەشکەوت‌و) اصحاب الکهفی کردووە. هەروەکو (شێخ ڕەزا) ئاواتی پێدەخوازێت‌و دەڵێ: ئەی پێغەمبەری (خودا) چی دەبوو وەك سەگی (اصحاب الکهف) بچمە بەهەشت. لەگەڵ خۆشەویستانی تۆدا. ئەو چوو بۆ بەهەشت‌و من بۆ جەهەنەم، کەی ئەمە ڕەوایە، ئەو سەگی اصحاب الکهف بوو. من سەگی دەرگاکەی تۆم!.

جێگەی ئاماژە پێکردنە، لەسەروبەندی یادکردنەوەی کردەوەی (ئەنفال)دا لەژمارە (111) ڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ)دا ڕاشکاوانە. هەڵوێستی (سەگێك‌و غیرەتی جاشێکی کوردمان بۆ دەردەکەوێت. کە ئەو (سەگە) بەوەفایە. ماڵی خانەخۆکەی چۆڵ نەکردووە. لەکاتی ئەنفال کردنی خەڵکەکەیدا. وەختێ جاشەکە ویستوویەتی ماڵەکە تاڵان بکات. چۆن بەگژیداچۆتەوە، لەئەنجامدا (جاشەکە) ئەو سەگە بەوەفایەی کوشتووە. ئەمانەو چەندان نموونەی دیکە گەواهی سیفاتی چاکەی (سەگ)ن‌و تەنها لەفەرهەنگی (بەعسی)دا، هەمووشتێ بەدناو بوو! لەکاتێکدا. ئەم دەستەواژەیە، بەڕەوا نازانم. کە ئەگەر منیش‌و کاك (شاخەوان)و کێ‌و کێ گوێی لێببێت. کەسێك ناوی هاووڵاتیەکی کورد، یان سەرکردەیەکی کورد، یان خاکی کوردستان‌و یان هەرچییەك پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەبێت. بەخراپ، یان بەتوانجەوە بەکاربهێنێ بەشۆڤێنی لەقەڵەمی دەدەین. ئیتر بەچی هەقێك ئێمە بەم وشە نەشیاوانە کەسانێك ناوزەد بکەین.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ. وەك دەڵێن: قسەی چاك ناگاتە جێی خۆی، بەڵام قسەی خراپ، زۆر کەس پۆستەچییە بۆی. من لەوە ناترسم کە عەرەب لێمان زویر بێت، چونکە ئەوان هەمیشە لەئێمە زویرن، وە ئێمەش دڵنەوایان دەکەین. بۆیە ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم قەسەیە بدەن بە ڕووماندا، بڵێن: ئێوە بەسەرکردەکانی ئێمە دەڵێن: (......،......) ئەوکاتە ئێمە بڵێین چی؟ ناچار دەبین‌و دەڵێین: ئەمە قسەی خۆتانەو لەئێوەوە بۆمان ماوەتەوە. واتە: قسەی بەعسە، بەدیاری بۆ کوردی هێناوە. هەقی خۆیانە. بڵێن: بەعس دەسەڵاتداربوو. بەئێوەی وادەگوت. ئێوەش ئێستا دەسەڵاتدارن بە ئێمە وا دەڵێن. کەواتە: ئێوەو بەعس جیاوازییتان چییە؟. ڕاستە ئێمەی کورد. زوڵم‌و ستەمی زۆرمان دیووە، داخ لەدڵین، بەڵام نابێ هەرگیز قسەی وا بەکار بهێنین. کە ببێتە ماڵ بەسەرمانەوە، چونکە هەموو گەلێك هاووڵاتی‌و سەرکردەو وڵاتی خۆی خۆش دەوێت‌و ڕێزی لێدەگرێت. چۆن ئێمە پێمان ناخۆشە هەر قسەیەکی ناخۆش بەرامبەر بەخاکی کوردستان یان هەر هاووڵاتیەکی کورد بکرێت. ئەوا گەلانی دیکەش هەروەهان. بۆیە دەبێ ڕێزی هەموو میللەت‌و چین‌و توێژێك بگرین. هەتا ڕێز لەخۆمان‌و خاکی کوردستان بگیردرێت.

# ژنان چیان ویست‌و چیان بۆ کرا

**م/ نەوزاد حوسێن**

ئەم نووسینە تیشکێکە بۆ سەر کێشەی ژنان‌و حکومەتی یەکگرتووی کوردستان. بەو پێوەرەی کە دونیای نوێ لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی‌و دەیەوێ سەرجەم کاروبارەکانی ژیانی خۆمانی پێ ڕەسم کەین، دەبێ ژنان وەك ڕووبارو چیاکان نەخشیان بەجوانی دیاربێ‌و هەمیشە وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لەئاسمانی کۆمەڵگەکانیاندا، چونکە هیچ فەلسەفەو ئایدیایەك تا سەر نەیتوانیوە مافی ژنان بەتەواوی پشتگوێ بخات بەتایبەت ئەگەر سیستەمێك لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی بەراورد بکرێت ئەمیان زیاتر ئازادی تیا بەرقرار بووە. زۆر کەس لەپیاوان‌و بەشێکیش لەژنان پێیانوابووە کە ماف‌و داواکاریەکانی ژنان بریتین لەدۆزینەوەی هاوسەرێکی چاك تا بتوانێ لەگەڵیدا ژیانێکی هێمن‌و ئاسوودەو پڕ خۆشی بباتەسەر. هەندێ کەسی دیکە پێیانوایە کە ژنان خۆیان زۆر حەزیان لەڕێزگرتن‌و مەکانەت پەیداکردنە، هەندێکی دیکە دەڵێن ژن تەنیا حەزی لەماڵ‌و جلوبەرگ‌و مۆدیلاتەو پیاوان بۆیان دابین دەکەن‌و چیتر پێویست ناکات هێڵی سوور ببەزێنن‌و داوای دەسەڵات لەپیاوان بکەن.

لەڕاستیدا ئەو پێداویستیانە لەکۆمەڵگەی مەدەنی یەکساندا سادەترین مافی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە، بەژن‌و پیاوەوە هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی نیە بە مافە سەرەکیەکانی ژنەوە، هاوتایی‌و یەکسانی بوونیەتی لەگەڵ پیاو لەبواری سیاسی‌و ئابووری‌و کەلتوری. ئەوەی کە ژنان دەیانەوێت‌و داکۆکی لێدەکەن هەر ئەوانەن کە پیاوان هەزاران کەسیان لەپێناوەدا بە کوشت داوەو ئێستاش دەستبەرداری نابن.. گەورەترین ئامانجی ژنان لەسایەی ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژی‌و جیهانگیریەدا جێبەجێ کردنی ئەو قسە بریقەدارو سواوانەیە کە پیاوان بۆ ژنانی دەکەن‌و لەگەڵ خۆیاندا یەکسانیان دەکەن. ژنان دەیانەوێ ئەمانیش لایەنی کەم بەشداری دەسەڵاتی سیاسی بکەن‌و ڕۆڵیان هەبێ لەدروست کردنی بڕیارەکان‌و قسەیان هەبێ لەداڕشتنی یاساکان‌و ئاگایان لەباروودۆخی سیاسی‌و ئیداری نیشتیمانەکەیان بێت.

دیارە دابینکردنی مافی ژنان بەوە نابێ کە هەندێ ڕێکخراوی سێبەرو پاشکۆیان بۆ دروست بکەن‌و فێری مۆدێل‌و گەڕان‌و هەندێ قسەی زل بکرێن‌و هەر لەوێش سنووریان بۆ دیاری بکرێت‌و پێویستیان بەپاسەپۆرتی تەسکیەو پشتگیری هەبێ بۆ پەڕینەوە، بەپێچەوانەوە ئازادی ژنان‌و دابینکردنی مافەکانیان بەوە دەبێت کە پیاوان تا چەندێ ڕێگەیان پێدەدەن توانا‌و وزەکانیان بخەنەگەڕ، تا خزمەتی نەتەوەو نیشتیمانەکەیان پێبکەن‌و بەشداربن لەبنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو کە بەرهەم‌و داهێنانی ژنان وەکو چەپکە گوڵ تیایدا دیاربێت. یاسا کۆنە پارێزو دژە مرۆییەکان کە زادەی بیری دوژمنانی مرۆڤایەتین گەورەو بچووك، ژن‌و پیاوی کۆمەڵگەکە دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیان بەرەو هەڵدێرو نەمانیان دەبەن، ئەوەشی کە بیر لە چەوسانەوەی کۆمەڵێك دەکاتەوە گەیشتۆتە بیروڕایەك کە ئەوانە هەر بۆ چەوسانەوەو خزمەتکاری دروستکراون‌و بۆیە لەوە زیاتریان پێڕەوا نابینن. ڕەوشت‌و سلوکی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەزۆری سەرچاوە لەو یاساو ڕێسایانە دەگرێ کە چینی دەسەڵاتدار دای ڕشتوون یان پێیان باشە، ڕەوشتێك کە بەتێپەڕبوونی کات دەبێ بەعادات‌و تەقالیدو بەشێکی گرنگ لەکەلتوری میللەتەکە دروست دەکات‌و دەبێ بەشوورەیەکی پۆلاین بۆ پاراستن‌و مانەوەی بەرژەوەندییەکانی فەرمانڕەواکان. کە ئەمڕۆ لەکوردستانی ئێمەدا خۆیان لەدەسەڵاتی حزبە سیاسیە بەهێزەکان دەبینێتەوە. زیاتر لە 230 پێش ئێستا لەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا ژنان داکۆکیان لەمافی خۆیان کردو داوایان کرد کە دەبێ مافی هەڵبژاردنیان هەبێ، هەروەها ڕۆژی ئافرەتان لەشۆڕشی فەرەنسا بەشێوەیەك لەبەرچاوبوو کە ئاڵای ڕزگاری ئەو شۆڕشەیان لەسەر زیندانەکانی قەڵای باستێك هەڵ کرد.

چەند ساتێك دوای ئەو سەرکەوتنانە دیسانەوە پیاوان کەوتنەوە وێزەی ژنان‌و دەستیان کردەوە بەچەوسانەوەیان، لەلایەك لەسەر کار لایان دەبردن، لەلایەك لەکاری سیاسی‌و پلەو پایە دووریان دەخستنەوە، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی (بزووتنەوەی یەکسانی) (فامینیزم)ی ژنان دروست بوو کە ئامانجیان فشار خستنەسەر دەسەڵاتی پیاوان بوو کە لەپێناو گەڕانەوەی هەیبەت‌و دەسەڵاتی ژنان شان بەشانی پیاوان لەهەموو کاروچالاکییەکاندا. ئەگەر بەراوردێکی خێرا بکەین لەنێوان دەسەڵاتی پیاوانی ئەوکاتەی ئەورووپاو ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق‌و کوردستاندا ڕەنگە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبێ کەشایەنی قسە لەسەرکردن بێت. خۆ ئەگەر بەپێی ئەم پێش کەوتنە تەکنەلۆژیەی ئێستای دنیا لەگەڵ ئەو زەمانەدا بەراورد بکەین ڕەنگە دەسەڵاتی ئێستا تاوانبار تر دەربچن، چونکە دوای ئەو هەموو ساڵانەی خەبات‌و شۆڕش کردنی شاخ‌و ماندووبوونی هەزاران ژن بەدوای هاوسەرو کوڕو براو هێزی پێشمەرگەوە، دوای شەهیدبوون‌و زیندانی کردن سەدان ژنی کورد، دوای ڕاپەڕین‌و دەنگدان‌و دەرکردنی چەندەها بڕیارو یاسا بۆ پاراستنی مافی ژنان، دیسانەوە دەسەڵاتی پیاوانی دیموکراتیخواز نیوەی کۆمەڵیان زەربی سفر کردو داری دەسەڵاتیان لەدەست ژن وەرگرتەوەو نەیان هێشت لەکۆی (42 وەزیر)ی حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا هەشت یەکیان بەرکەوێت. لەکاتێکدا 15 ساڵە خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان‌و حکومەتەکانیان جۆرێك لەدیموکراتی پیادە دەکەن‌و حزبە گەورەکانی کوردستانیش بەنیازن ئەم دیموکراتیە بکەن بەنموونەو بۆ دەرەوەی هەرێمی ڕەوانە بکەن، کەچی تازە (جەعفەری) ئاسا کابینەکەیان خاڵی دەکەنەوە لەژنان. ئیتر دەبێ ڕۆڵی ئەو ژنانە چی بێت کە لەسەر کورسی پەرلەمان دانیشتوون، ئەوان کە نەتوانن بچووکترین بەرگری لەمافی ڕەگەزو هاوژینەکەی خۆی بکات دەبێ چ دڵێکیان پێ خۆش بکرێ بۆ پێشنیار کردن یان پاڵپشتی کردن لەهەندێ بڕیاری چارەنووس سازو گرنگدا. پێکهێنانی حکومەتێکی لەو بابەتەو بەو ژمارە زۆرەی وەزیرانی پیاوەوە کە هەندێکیان سەربازین‌و هەندێکیش بێ شەهادە بەهەر هۆکارو مەبەستێك بێت، گورزێکی بەهێزە کە بەر بزووتنەوەی دیموکراتی‌و مافی ژنان دەکەوێت‌و [illegible]

# بۆ ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان

**شارنشینێك**

یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو دروستبوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شاگەشکەی کردم، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە دەزانم دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی تازە لەمێژووی کوردستاندا. هەنگاوێکی پیرۆزە، وا دەخوازێ کە هەموو کوردێك پشتیوانی لەحکومەتی یەکگرتووی هەرێمدا بکات.

بەڕێزم! دەمەوێ سەرنجت بۆ دیاردەیەکی زەق‌و ناشیرین ڕابکێشم. دیاردەیەك کە شەڕی نێوەخۆ، پێشبڕکێی چەکداری‌و خۆ بەگەورەزانینی حیزبایەتی دروستی کردووە، خەریکە ئەم دیاردەیە هەموو شارەکانمان لێ داگیر دەکات، ئەویش دیاردەی زۆری بارەگای لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە، بەتایبەتیش بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ئەمڕۆ لەهەر گەڕەکێکی شارەکانی وەك هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك چەندین بارەگا بەناوەکانی ڕێکخراو، ناوچە، کۆمیتە کراونەتەوە. ئەمە بێجگە لەبارەگای لق‌و مەڵبەندو دەیان بارەگای جۆراوجۆری دیکە. بێگومان لایەنە سیاسیەکان مافی خۆیانە کە بارەگای ڕێکستن لەناو شارەکاندا بکەنەوە، بەڵام پێویست بەو هەموو بارەگایە ناکات. هەق وایە ڕێگە بەهەر حزبێك بدرێ یەك یان دوو بارەگا لەنێو شارەکاندا بکاتەوە، بەڵام بەهیچ یاساو ڕێسایەك ئەو ژمارە زۆرەی بارەگا ڕەوا نیە. هەندێك لەو حزبانە لەهەر گەڕەکێکدا زیاتر لە3–4 بارەگایان کردۆتەوە. لەبەردەم ئەو بارەگایانەدا قولغەی پاسەوانی‌و کۆسپ دروست دەکرێن، لەلایەکەوە دیمەنی شارەکان نارێك دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵك بەرەو تەنبەڵی‌و تەوەزەلی‌و سیخوڕی‌و ڕاپۆرت نووسین‌و دووبەرەکی دەبەن. من وەك کەسێکی شارنشین زۆر قێزم لەو دیاردەیە دەبێتەوە، بێگومان هەزارانی وەك منیش هەن، زۆر جاران لەنێو خۆماندا دەردە دڵ دەکەین. جا من بەناوی هەمووانەوە داوا لەبەڕێزتان دەکەم کە چارەسەرێکی دروست بۆ کەمکردنەوەی بارەگای ڕێکخراو، ناوچەو کۆمیتەکان بدۆزنەوە. هەروەها ئەگەر دەتانەوێ حکومەتی یەکگرتووی هەرێم ببێ بەحکومەتی هەموو خەڵك باشتروایە ڕاو پێشنیاری خەڵك لەبەرچاو بگرن‌و وەڵامی داخوازیەکانی جەماوەر بدەنەوە.

لەکۆتاییدا چاوەڕوانی هیمەتی بەڕێتان دەکەم، هیوادارم ئەم پێشنیازە لەلایەن لایەنی پەیوەندارەوە پێچەوانە نەکرێتەوەو بەم بیانۆیەوە بارەگای حزبەکانی دەرەوەی دەستەڵات دانەخرێن، یان ڕێگەیان لێبگیرێ‌و نەهێڵرێ لەشارەکاندا تاکە یەك بارەگاش بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزو حورمەتدا